# BrisDoc

Patient care by people who care



# ڕێنوێنی چاودێر بۆ نەخۆشەکانی BrisDoc




## This leaflet is available in your language.
## Please ask our receptionist.

ਇਹ ਪਰਚਾ ਆਪਣੀ ਭਾਸ਼ਾ ਵਿਚ ਉਪਲਬਧ ਹੈ. ਸਾਡੇ ਰਿਸੈਪਸ਼ਨਿਸਟ ਨੂੰ ਪੁੱਛੋ ਕਰੋ ਜੀ.

یہ کتابچہ آپ کی زبان میں دستیاب ہے۔ ہمارے استقبالیہ براہ کرم دریافت کریں۔

এই প্রচারপত্র আপনার ভাষায় পাওয়া যায়. আমাদের রিসেপশনিস্ট জিজ্ঞাসা করুন.

Ev belavok li zimanê xwe de derbasdar e; Ji kerema xwe ve lêkirin me bipirsin.

Buuggan yar waxaa loogu heli karo luqaddaada. Fadlan weydii naga soo-dhaweeyaha.

هذه النشرة متوفرة في لغتك. رجاء سألت موظف الاستقبال لدينا.

Acest prospect este disponibil în limba dumneavoastră. Vă rugăm să cereți re-cepționer noastre.

Bu broşür kendi dilinizde mevcuttur. Lütfen resepsiyonistimize sorun.

此宣传册以您的语言提供。请问我们的接待员。

# ڕێنوێنی چاودێر بۆ نەخۆشەکانی BrisDoc

لە کاتێکدا کە تۆ لەژێر چاودێری ئێمەدایت، دەمەنەوێت هەست بەوە بکەیت کە هاوکاری دەکرێیت، سەلامەتیت و زانیاریت پێدەدرێت.

پاراستنی تایبەتمەندی کەسێتی و کەرامەتی نەخۆشەکانمان یەکسانە بە کوالیتی چاودێریمان.

ئەگەر زانیت کە پێویستیت بە چاودێرێك هەیە لە کاتی ئەنجامدانی ڕاوێژەکانت، تکایە پرسیار لە پزیشکی کردەکاری یان کارگوزاری پێشوازی بکە. گەرچی ئامادەبوونی چاودێرێك بەباش دەزانرێت بۆ هەموو پشکنینێك ووردە، تۆ مافی داواکردنی چاودێریکت هەیە بۆ هەموو جۆرە ڕاوێژکاریەك. تکایە ئاگاداربە، پزیشکە کردەکاریەکانمان مافی ئەوەیان هەیە داوای ئامادەبوونی چاودێرێك بکەن لە ساتی پشکنیندا ئەگەر هەست بەوە بکەن کە ئامادەبوونی چاودێرێك پێویستە.

ئەگەر پزیشکە کردەکاری ئەنجامدەری پشکنین هەست بەوە بکات کە ئامادەبوونی چاودێرێك پێویستە و تۆش ئەمە ڕەتبکەیتەوە، لەوانەیە پزیشکە کردەکاریەکە نەیەوێت بەردەوام بێت لە ئەنجامدانی پشکنینەکە. لەوانەیە داوات لێبکرێت بۆ واژووکردنی فۆرمێك بۆ ووتنی ئەوەی کە ئەوان چاودێریکیان ڕەتکردەوە.

پێویستە چاودێرێك هەمیشە ئامادەبێت لە کاتی ئەنجامدانی پشکنین بۆ منداڵێك - لەوانەیە ئەوە یەکێك لە دایباب بێت و هەرچەندە لەوانەیە ئەمە لە هەندێك حاڵەتدا گونجاو نەبێت.

ئەگەر دەتەوێت سیاسەتی چاودێرمان بەتەواوەتی ببینیت، تکایە پرسیار لە کارگوزاری پێشوازی بکە.



## ئایا چاودێر کێیە؟

چاودێر کەسێکە کە دەتوانێـ لە گەڵت بێت و هاوکاری تۆ و پزیشکی کردەکاری بکات لە کاتی ئەنجامدانی پشکنین یان ڕاوێژکاری پزیشکی.

هەروەها ئەوان بوونیان هەیە بۆ فەراهەمکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پزیشکی کردەکاری لە حاڵەتی بوونی هەڵە تێگەیشتن یان داواکاری هەڵە لەلایەن نەخۆشەوە.

BrisDoc Patient care by people who care

## کێ دەتوانێت ببێت بە چاودێر؟

لەوانەیە ڕۆڵی چاودێر دیاری بکرێت لەلایەن ئەندامێکی ستافەکەمانەوە یان ئەو کەسانەی لەگەڵتن وەکو مێرد، ژن، سەرپەرشتیار، دایباب یان هاوڕێ.

**منداڵ ناتوانێت ببێت بە چاودێر و نابێت ئامادەبێت لەکاتی پشکنین لە شوێنەکە  ئەمە منداڵی ساوا ناگرێتەوە**

ئەگەر چاودێر مێرد، ژن، پارتنەر، خزم یان هاوڕێ بوو، داوات لێدەکرێت بۆ ڕێگە پێدان بەو کەسە کە بتوانێت ئامادەبێت لە کاتی پشکنینەکە و هەڵس و کەوت بکات وەکو چاودێری تۆ.

ڕەچاوی حاڵەتی تایبەت دەکرێت سەبارەت بە جیاوازی کەلتور و ئاین لەکاتی ئەنجامدانی پشکنیندا. هەروەها لەوانەیە قورس بێت یان گونجاو نەبێت بۆ ئەوەی ئەندامێکی خێزان یان ڕەگەزی بەرانبەر (یان مێرد/ ژن) ئامادەبن لە کاتی پشکنینەکان.

دەرفەتێکیتری نهێنی یان تایبەت لە نێوان نەخۆش و پزیشکی کردەکار - بەبێ ئامادەبوونی چاودێر - لەوانەیە ڕێکبخرێت، ئەگەر ئەمە داوابکرێت، پێش یان دوای هەر پشکنینێکی پزیشکی.

## ئایا چ جۆرە چاوەڕوانیەکت دەبێت لە چاودێرێکی BrisDoc؟

چاودێر دەبێت خۆی بە ناو بناسێنێت (یان دەبێت بناسێندرێت لەلایەن پزیشکی کردەکاریەوە).  پێویستە پزیشکی کردەکاری ناوی چاودێر بنوسێت لە یاداشتنامەیاندا.

پێویستە لە شوێنی پشکنینەکە بوەستن و دەشتوانن ئەوە ببینن کە پزیشکی کردەکاری ئەنجامیدەدات.  لەکاتی ئەنجامدانی پشکنیندا چاودێر دەتوانێت لەلای سەروەوەی کورسیەکەوە بوەستێت، وە ئەگەر پشکنینەکە نارەحەت یان بێزارکر بوو بۆ تۆ، لەوانەیە لێت بپرسن بۆ ئەوەی بزانن ئەگەر بتەوێت بۆ ئەوەی دەستیان بگرێت بۆ دڵنیای پێدان و ئارامی پێبەخشین.  نابێت دەستت لێبدەن بەبێ ڕێگەپێدانی تۆ.

ئەگەر چاودێر  هەر شتێکی بینی کە وای هەست کرد گونجاو نیە، بەرپرسیاریەتی ئەوەی لەسەرە کە بیگەیەنێت بە بەڕێوەبەری شوێنەکە.

ئەندامانی ستافی BrisDoc کە ئەرکی چاودێریان هەیە، هەموویان بەشێوەیەکی گونجاو ڕاهێنراون.

لە حاڵەتی دەگمەندا لەوانەیە چاودێرێك ئامادەنەبێت کە لە ڕەگەزی گونجاودا بێت.  لەم حاڵەتانەدا، پێویستە پزیشکی کردەکاری گفتوگۆی ئەم حاڵەتە لەگەڵ بکات، وە ئەگەر گونجاوبێت ئەوا لەوانەیە بتواندرێت دیدەنیەکەت بۆ کاتێکیتر دوابخەن یان ئەندامێکیتری ستاف بەردەستبکرێت.